بە ئەوەی نەفسی منی بە دەستە هاوتای سێ یەکی قورئانە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «(شەوێکیان) پیاوێك گوێی لە پیاوێکی تر بوو ئەم (سورەتەی) دەخوێند: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ وهەر دووبارەی دەکردەوە، وکاتێك بەیانی بەسەردا هات چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وئەمەی بۆ باسکرد، وا دیارە ئەم پیاوە (بە تەنها خوێندنی ئەم سورەتەی) بە کەم داناوە، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بە ئەوەی نەفسی منی بە دەستە هاوتای سێ یەکی قورئانە». ^(واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: هەر ئەو (الله) یە خوای تاک وتەنها [سورة الإخلاص:1])

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

ئەبو سەعیدی خودری -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە شەوێکیان پیاوێك گوێی پیاوێکی تر بوو ئەم سورەتەی دەخوێند: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ -سورەتی الإخلاص-؛ و بە درێژایی شەو هەر دووبارەی دەکردەوە وئایەت وسورەتی تری نەدەخوێند، کاتێك بەیانی بەسەردا هات چوو بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وئەمەی بۆ باسکرد، وا دیارە ئەم پیاوە بە تەنها خوێندنی ئەم سورەتەی بە کەم داناوە، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- سوێندی خوارد بۆ جەختکردنەوە لەسەر فەرموودەکەی: بە ئەوەی نەفسی منی بە دەستە هاوتای سێ یەکی قورئانە. ([^(واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: هەر ئەو (الله) یە خوای تاک وتەنها [سورة الإخلاص:1]

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65261